مەندەلاوی: دەستدرێژیکردنەکانی سەر پێگە ئەمنییەکانی عێڕاق هەنگاوێکە بۆ فراوانکردنی ململانێکان



سەرۆکی یەکێتی پەرلەمانی عەرەبی موحسین مەندلاوی ئەمڕۆ ڕۆژی سێشەممە جەختیلەوەکردەوەکە دەستدرێژییەکانی سەرپێگە ئەمنییەکانی عێڕاق هەنگاوێکە بۆ فراوانکردنی ملاملانێکان.

نوسینگەی راگەیاندنی جێگری یەکەمی سەرۆکی پەرلەمان راگەیاند" موحسین مەندەلاوی سەرۆکایەتی یەکێتی پەرلەمانی کارەکانی کۆبوونەوەی لێژنەی خەڵاتی جیاکاری پەرلەمانی عەرەبی و خولی 33 ی لێژنەی جێبەجێکاری یەکێتییەکەی کرد کە لە بەغدای پایەتەخت بەڕێوەدەچێت بە بەشداری سەرۆکانی شاندەکانی پەرلەمانەعەرەبییەکان و ئەندامانی لێژنەی جێبەجێکاری یەکێتی پەرەمانتارانی عەرەبی.

مەندلاوی لەو تەکەیدا کەلەمیانەی کۆبوونەوەکەدا پێشکەشی کرد وتی زایۆنیزمی داگیرکار زۆر دەستدرێژی کردووەتەسەرخەڵکی فەلەستین وهەندێک لەوڵاتە عەرەبییەکان خزمەت بە ئامانجەکانی زایۆنیزم دەکەن ، دەستدرێژییەکانی ئەمدواییەش بەسەر پێگەو کەسایەتییەکانی سەربەهێزە ئەمنییەکانی عێڕاق بەزاندنی سەروەری عێڕاق وهەنگاوێکیشە بۆ فراوانکردنی ململانێکە.

هەروەها داوای کرد کە ئەندامێتی پەرلەمانی ئیسرائیل لە یەکێتی پەرلەمانی نێودەوڵەتی سڕبکرێت ونوێنەرانیشی لاببرێن لە پێگە نێودەوڵەتییەکاندا، داواشی لە کۆمەڵگای عەرەبی ونێودەوڵەتی کرد کەهەڵوێستێکی پتەو و یەکلاکەرەوە وەربگرن بەرامبەر بەم دۆخەی کە جیهان بەرەو ململانێ

وق□یران□کان پ□لک□ش د□کات.